حزبوڵا ڕێتیکردووە شەڕ لەگەڵ سوپای لوبنان بکات

حزبوڵای لوبنان، لەبارەی ڕاپۆرتە میدیاییەکانی کە باس لەوەدەکەن "ئامادەکارییەکانی بۆ بەڕووبوونەوەی دەوڵەتی لوبنان"، جەختیکردەوە، بەهیچ جۆرێك شەڕ لەگەڵ سوپای لوبنان ناکەن و ئەمجارە هەواڵ و زانیاریانە "تەواو ناڕاستن".

حزبوڵای لوبنان لە ڕاگەیەندراوەکدا بڕاویکردەوە، "ئەو ڕاپۆرتە میدیاییانە "هەڵبەسترا وەکی رونن"، هۆشداریشیداوە لە مەترسییەکانیان، "بەتایبەت لەژێر ئەم هەلومەرجە ناسك و هەستیارانەدا".

نەعیم قاسم سکرتێری گشتیی حزبوڵای لوبنان ڕایگەیاندوە، "حزبوڵا ڕێککەوتنی ئاگربەستی لەگەڵ ئیسرائیل لە باشوری ڕوباری لیتانی لە باشوری ئەو وڵاتە بە تەواوی جێبەجێکردوە".

ئاماژەی بەوەدا، ئەو پێشنیازە نوێیەی ئەمریکا داوایدەکات "داواکردنی چەکداماڵین لە بەرامبەر هەندێك کشانەوەی بەشەکی لە ئیسرائیل" لەخۆدەگرێت.